# خــــەڵاتــــى نــــۆبــــڵ

زنجیرەی دووەم

**خەڵاتی نۆبڵ ... پۆرتوگال ساڵی 1998**

**سەراماگۆ خوزیە ( Jose Saramago )**

**وەرگێران و نووسینی : فــەهــــد گـــــردەوانی**



**لە ساڵی 1922 لە گوندی ئەزینهاگا{Azinhaga} نزیکی رووباری تایۆ{Tejo} لە خێزانێکی هەژاری جوتیار لە دایک بووە...لە ( لەشبۆنە Lissabon)دا گەورە بووە.....خێزانەکەی نەخویندەوار بووینە ، بۆیە ئەویش لەپاش تەواو کردنی قوتابخانەی گەلی هیچی نەخوێندووە. وەکو خۆی دەڵێ خودی واقیعی ژیان دانشگای بووە....بەر لەوەی ببێتە رۆژنامەنووس و وەرگێر و نووسەر کاری جۆراوجۆری کردووە تاوەکو بتوانێ ژیانی رۆژانەی بەرێوە ببات .....لە تەمەنی 25 ساڵاندا یەکەم رۆمانی بڵاوکردەوە...پاش ئەوەی 20 ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی رۆمانەکەی تێپەڕی ، ئینجا ساڵی 1966 دیوانی شیعری بە ناوی {دەکرێت Os poemas Posiveis}بڵاوکردەوە...جگە لە رۆمان و شیعر ، پەخشان و دراماو بیرەوەریشی**

نووسیوه ،زیاتر له بیست بەرهەمیشی نوسیوه و کتێبەکانی وەرگێردراوه بو سەر 25 زمان ...



کاتێک ئەو رۆژنامەیەی سەراماگۆ کاری تێدادەکرد ئیفلاسی کرد، تەمەنی ئەوکات 56 ساڵان بوو، وای دانا تازه به تەمەن گەورەیه بەدوای کارێکی تر بگەڕێ ، بۆیه له بڕی کار بڕیاری دا هەموو کاتی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات ...پاش دووساڵ ،واته ساڵی

1980 رۆمانی {هەستانەوه لەناو خۆڵەمێشLevantado do Chao} نووسی ....سەراماگۆ بەوەش نەوەستا هەتا مرۆڤه دیندارەکانی له خۆی ورژاند و رۆمانێکی دەربارەی مەسیح(عیساپێغەمبەر) له ساڵی 1991 دا بڵاوکردەوه....وەزیری رۆشەنبیری پورتوگاڵی ناچار بوو رۆمانەکه قەدەغه بکات به بیانووی ئەوەی گوایه دەست درێژی کردۆته سەر میراتی ئایندارى پورتوگاڵ....ئەوەش نووسەری ناچارکرد که وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ و رووبکاته دوورگەی {لانزەروتیLanzarote} ...دەکرێ بڵێین پڕووشکی ئەو نووسەره سەلمان روشدی گرتەوه...سەراماگۆ هەردەم دژی رژێمی دیکتاتوری بووه، خوزیەسەراماگۆدەڵێ هەموو رژێمه دیکتاتۆرەکان بۆ ئێمەی نووسەران ، تاریکی بووه، زۆر شت نەدەکرا بنووسرێ ، هەموو کتابێک بڵاونەدەکرایەوه، له بەر ئەوەی نا که تەنها قەدەغه بوون ، بەڵکو له بەر ئەوه بوو که سەنسوور(رەقابه) به خۆی چوو بووه ناو مێشکی مرۆڤ ...

ساڵی 1969 بووه ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی قەدەغەکراوی پوڕتوگاڵ.

ساراماگۆ زمانی نووسینی شیرین و دەوڵەمەنده، پەخشانەکانی فرەوان و بەرینه، دەنگی زۆری تێدا دەردەکەوێ...به گشتی له نووسینەکانی فانتازی و ریالیزم و مێژووی بەڵگەدار و ئایین تێکەڵاو دەکات....حەز دەکا بزانێ جیهان و مرۆڤایەتی نهێنیەکانی چی یه!...هونەری نووسینی سەرچاوەی قووڵ له ترادیسیۆنی بەدەم گێراوەی پورتوگاڵی وەردەگرێ ، هەروەها باوەڕی تەواوی به رۆمانه نوێیەکانی ئیسپانی و ئەمریکای لاتینی هەیه...سەرەتا هێنده بەناوبانگ نەبووه هەتا رۆمانی {بەڵگەی هونەری وێنەوخەت Manual de pintura e caligrafia} له ساڵی 1977 بڵاوکردەوه....جگه لەو رۆمانه چەند بەرهەمێکی تریشی بڵاوکردۆتەوه وەکو:

ساڵێک بۆ مردنی ریکاردو ریس (O Ano da Morte de Ricardo Reis)

مێژووی گەمارۆی لەشبونه (Historia do cerco de Lisboa)

ئینجیل بە گوێرەی حەزرەتی عیسا(مەسیح) ( O evangelho segundo Jesus (Cristo

کوێرەیی (Ensaio Sobre a cegueira)

هەموو ناوەکان (Todos os Nomes)

ئەشکەوت (La Caverna).......هتد....ئێستاکەش لەگەڵ ژنی سێیەمی کە خەڵکی ئیسپانیایە و رۆژنامە نووسە ناوی پیلەر ریۆس{Pilar Rios}ە لە دەرگەی {لانزەرۆتەLanzarote {لە کەناری ئیسپانیا دەژین...خوزیە سەراماگۆ خەریک بوو بگەڕێتەوە بۆ دورگەی لانزەرۆتە لە پێشانگای کتێب کە لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا کرا بۆوە ، هەواڵی خەڵاتی نۆبڵی پێگەیشت..گەڕاوە بۆ پێشانگای کتێب و پرێس کۆنفرانسی رۆژنامەگەری بەستا..وێنەگر و رۆژنامەنووس کەوتنە پاڵەپەستۆی یەکتر...لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی (شیوعیەتی)خۆی گووتی : باوەڕناکەم خەڵاتەکەم پەیوەندی بە بیروباوەری سیاسیەوەم هەبێت ، بەڵکو بناغەکەی پەیوەندی دارە بە ئەدەبەوە...هەروەها گووتی: نووسین کارێکی زەوقدار نیە، کارێکی زۆر سەختە...خوزیە دەڵێ: باوەڕم وایەمرۆڤ لە تەمەنی 25ساڵیدا دەبێتە شاعیرێکی باش، بەڵام رۆمان نووسێکی باشی لێ دەرناچێ .

سەراماگۆ خوزیە دەڵێ : رۆمانی {کوێرەیی}م نرخی ئەوەی هەیە خۆمی پێهەڵبکێشم و شانازی پێوە بکەم...هەروەها دەڵێ مرۆڤ لە برسان دەمرێ کەچی قەمەرۆکە دەنێرینە ناو مەریخ....هەروەها گووتی ئاسانترە چاو لە تەلەفیزیون لادەی لەوەی چاو لە لاپەڕەی کتاب لاببەی،ئەمەیان بەرزی ئەدەبە....هەروەها دەڵێ : جیهان بەبێ کتاب جیهانێکی بێ دەلاقەیە(رەف)...

## ڤاتیکان رەخنە لە ئەکادیمیای سویدی دەگرێت

ئۆرگانی ڤاتیکان {ss LÓRomano ervatore}رەخنەی لە ئەکادیمیای سویدی گرت دەربارەی هەڵبژاردنی خەڵاتی ئەدەبی . رۆژنامەکە بە رۆمانی سەراماگۆ کە ناوی ئینجیل بە گوێرەی مەسیح دەڵێ دژی مەسیحیەتە...هەروەها پێی ناخۆشە کە نووسەرێکی کۆمۆنیست ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە....

کچەکەی سەراماگۆ کە ناوی ( ڤیولانتی ماتوس  tosViolante Ma )ە پاش ئەوەی هەواڵی باوکی بیست کە بۆ خەڵاتی نۆبڵ هەڵبژێردراوە گووتی : کاتی ئەوە هاتبوو کە دان بە ئەدەبی پورتوگاڵی بنێن.....بێگومان زمانی پورتوگاڵی یەکێکە لە زمانە گەورەکانی جیهان ، بەشی زۆربەی لە بەرازیل قسەی پێ دەکەن ، نووسەری بەرازیلی یۆرگی ئامادۆ{Jorge Amade  1912 – 2001} کەوا ناوی لە لیستەی ئەو نووسەرانەیە کە خەڵاتی نۆبێل وەربگرن ، زۆریش برادەری سەراماگۆ یە گووتی: خەڵاتەکە سەرکەوتنە بۆ زمانی پورتوگاڵی وەکو ئەوەی سەرکەوتنە بۆ خودی نووسەرەکە...هانس باریگرێن (Hans Berggren) یەکێکە لە وەرگێری

**پەرتوکەکانی سەراماگۆ بۆ سەر زمانی سوێدی دەڵێ: سەراماگۆ نووسەرێکی گەورەی مرۆڤ پەرستە...باوەڕی تەواوی بە مرۆڤایەتی هەیە کە بەرەو ژیانێکی چاکتر دەچێ... زمانی نووسینی هێجگار دەوڵەمەندە ، گەورەترین فەرهەنگی زمانی پورتوگاڵیەکەم 400000 هەزار ووشەیە، سەراماگۆ زۆربەی ئەو ووشانە بەکار دەهێنێ ...**

**خوان ئاریان{Juan Arias } نووسەری بەشی رۆشەنبیری لە رۆژنامەی ئیل پایس{El Pais } دەڵێ : لە نووسینی کتابەکانی دا زۆر رەشبینە، جار جار پێی دەگوترێ ڤۆلتێری پورتوگاڵ .بەڵام وەکی تر لە ژیانی تایبەتی دا مرۆڤێکی کراوەیە....ئێستاکە خۆزیە بووە بە پاڵەوانی پورتوگاڵ و پولێکی (تەمر)پۆستیش لە وێنەی خۆی بۆی چاپ کرا...زۆرجار دەنگی هەڵدەبڕی لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ....**